
# کورد جگە لە چیاکان دۆستی دیکەشی هەن!




*Ashrafi, Maryam, “Rising Among Ruins, Dancing Amid Bullets”, Hemeria Publications, Paris 2021with support of Foundation Danielle Mitterrand, ISBN: 978-2-490952-16-8*

## مەریەم ئەشرافی، "ڕاسانی ناو وێرانە، هەڵپەڕکێی جەنگەی گوللـەباران"

کتێبێکی پڕلاپەڕەی وێنەی ڕەش و سپییە سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤای کوردستان کە تێیدا بابەتێکی تایبەتی کۆمەڵگاکە کراوەتە ئامانج: ئاسەوارە وێرانکارەکانی شەڕ لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەت؛ هەر لەو ڕێگەشەوە ئاوڕ لە بارودۆخی حزب و ڕێکخراوە چەکدارەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان دراوەتەوە.

دانەری کتێبەکە خاتوو مەریەم ئەشرافی، کچێکی بوێری ئێرانییە کە ماوەی چەندساڵان هاتوچۆی ئەوبەشانەی کوردستان و بنکە و ناوەندی پێشمەرگە و گریلای حزبە کوردییەکانی کردووە، لەگەڵ پێشمەرگەکاندا ژیاوە ئەویش نەک ژیانێکی ئاسایی بەڵکوو لە جەنگەی شەڕی گەرمی داکۆکیکارانی شاری کۆبانێی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لەگەڵ دوژمنی غەدداری وەک داعش، دەوڵەتانی هاندەر و یارمەتیدەری ئەوان و دارەدەستە خۆجێییەکانیان لە ماوەی تۆپباران و بۆمبارانێکی بێبەزەییانەدا کە بیستنی دووراودووریان مووچڕک بە لەشی مرۆڤدا دێنێت.
مەریەم ئەشرافی کچێکی وێنەکێشی پڕۆفیشناڵە و لەکتێبەکەیدا تەنیا بەزمانی وێنە قسەی کردووە، واتە جگە لە شەرحی ژێر وێنەکان هیچ بابەتێکی نووسراوی سەبارەت بە بارودۆخی کورد لە ناوچەکە نەکردۆتە ناوئاخنی کتێبە وێنەییەکەی خۆی بەڵکوو قەڵەمی داوەتە دەست شارەزایانی سیاسەتی کورد لە بەشەجیاجیاکانی کوردستان (ئالان کەڤاڵ، کامران مەتین، میلننە ساولۆی) و تاقە بەشێک کە بۆچوون و هەڵوێستی خۆی لە دەرەوەی شەرحی وێنەکان خستبێتە بەرچاو، وتووێژێکی حەوت لاپەڕەییە لەگەڵ ئالان کەڤاڵ، ژورنالیستێکی کوردی ڕۆژنامەی لۆمۆندی پاریس.
ئەو بابەتەش وەک هەموو بابەتێکی دیکەی ناو کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە کە تێیدا حیکایەتی ناسیاوبوونی خۆی لەگەڵ کورد و چوونە ناو کەمپی پێشمەرگەی کورد لە دوو بەشی خاکی کوردستان دەگێڕێتەوە و هەڵوێستی سیاسی-کۆمەڵایەتیی خۆی و بەرنامەی کار و ئامانجەکانی لە چەند سەفەری مەترسیدار بۆ ڕۆژئاڤا و شاری وێرانبووی کۆبانێی سەردەمی شەڕی داعش ڕادەگەیەنێت.

ئەشرافی، بە گوێرەی قسەکانی خۆی، "وێنەکێشێکی دۆکیومەنتریی کۆمەڵایەتییە، کە ڕێبازی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی درێژخایەنی گرتۆتە بەر و شەڕ لە ڕێبازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەکاتە دۆکیومەنت. ئەو باوەڕی بە ئاڵۆزی و کارتێکەرییەکانی بنیاتنانی مۆدێلێکی نوێی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای یەکسانی هەیە، کە تێیدا "ژنان بە پێچەوانەی دۆخی ئێستایان لە

ناوچەکە، بتوانن هەمان دەوری پیاوان لە کۆمەڵگادا بگێڕن." هەربۆیەش چەند جار گەڕاوەتەوە هەمان ئەو شوێنە پڕمەترسییانە، "کە هێزی بێ وێنەی بەربەرەکانیی خەڵک و خواستیان بۆ ژیان و گۆڕان" پیشان بدات و "باوەڕی قورس و قایمی بەوەیە کە بە بەڵگەکردنی خەبات و ئەنجامەکانی شەڕ پێداویستییەکی گرنگە لەپێناو پێکهێنانی ئەو نیشانە و بەڵگە سەلماوانەی کە دەبێ لە دواڕۆژدا سەبارەت بە شەڕ ببینرێن و بزانرێن."

لەوتووێژەکەیدا، مەریەم خانم کورتەیەک لە ژیانی بنەماڵەیی خۆی دەخاتە چوارچێوەی سیاسەت و ڕاپەرینی گەلانی ئێران و فەوتانی ڕژیمی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری ئیسلامیستەکانەوە و لەو گۆشەنیگایەوە سەیری کوردی ڕۆژهەڵات دەکات و جیاوازییەکانیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ناو ئێران بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات دەردەخات کاتێ کە دەڵێ: "لەسەردەمی گەنجیەتی مندا ئێرانییەکانی دیاسپۆڕا بێ هیوا و تێکشکاو و مڕچ و مۆن بوون بەڵام خەبات و دژایەتی ڕژیم لە ناو کوردەکاندا بەردەوام بوو و ئاگری بەربەرەکانیی ڕژیم لەناویاندا بڵێسەی دەکێشا. من لەگەڵ بنەماڵەکەمدا هاتبوومە بەریتانیا بەڵام هەرگیز خووم بە ژیانی ئەوێ نەگرت، هەستم دەکرد دەبێ واتای خەباتی سیاسی تێبگەم. سەرەتا لەڕێگەی پەیوەندییەکانی باوکمەوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٢ دا چووم بۆ سلێمانی و لە کامپی کۆمەڵە میوان بووم، لەوێ دەتگوت گەڕاومەتەوە ماڵی خۆمان...."



ئەشرافی لەوپەیوەندییەدا باسی ژیانی ژنانی کورد لە پێشمەرگایەتیی هەردوو حزبی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو کەمپانەی سەر سنوور دەکات کە ئەم ڕۆژانە لەژێر هەڕەشەی ئێراندا چۆڵ کراون بەڵام دەڵێ دواتر "لە ڕێگەی خوێندنەوە و وتووێژەوە" ناسیاوی "بزاڤێکی مەزنتر" بووم کە پارتی کرێکارانی کوردستان ( پ ک ک) بێت و "تێگەیشتم کە لە ڕێبازی خەباتی ئەواندا، شۆڕش بێ کۆتاییە و هیچ باوەڕێک بە شکست لەبەرانبەر دوژمن نییە." جا دەخوازێ بزانێ ڕێکخراوەکەی ئەوان چۆن بەڕێوە دەبرێت و شێوەی ژیان و کار و خەباتی ئەو هەموو ژنە گریلایەی ناو ڕیزەکانیان چییە و چۆنە. هەر ئەو هەستەش لە سەفەرێکی پڕ مەترسیدا دەیگەیەنێتە ڕۆژئاڤا و شاری کۆبانێ- شارێک کە لەو شەڕانەدا نزیکەی ٨٠٪ وێرانبووە و لەوپەیوەندییەدا دەڵێ "من وێنەی شەڕم پیشان نەداوە بەڵکوو وێرانییەکانی کۆبانێ، وەک ئەنجامی شەڕی دژ بە داعش، لە وێنەکانمدا ڕەنگیانداوەتەوە. لەوێ واتە لە کۆبانێدا بوو کە ئاگاداری هاواری ئازار لە دەروونی خۆمدا بووم و واتاکەیم لە بزاڤی کوردیدا دۆزییەوە کە دواتر ئەو وێرانییانەی ئاوەدان کردۆتەوە و

تێیدا نیشتەجێ بووە؛ خەباتکارانی کورد لە کوردستانی سووریا، تورکیا و تەنانەت ئێرانەوە دەهاتنە ئەوێ بۆ ئەوەی شوێنەواری وێرانییەکان پاک بکەنەوە و بنیاتیان بنێنەوە."

ئەشرافی دەڵێ "بەیانیی ڕۆژێک فرمێسک لەچاوم گەڕا کاتێ تەرمی شەهید 'ئاگری'یان دەبردە گۆڕستانی شەهیدان لە کۆبانێ. ئەو بەڕێکردن و ناشتن و ڕێز لێدانەی بۆ ئەو بەڕێوەچوو جیاواز بوو لەوەی لە ئێران بینیبووم کە خەڵکانی سەر بە ڕێژیمە بێ بەزەیی و دیکتاتۆرییەکەی ئێران ناوی شەهیدیان لێدەنرا و ڕێ و ڕەسمیان بۆ چێ دەکرا و وێنەیان لە شوێنە گشتییەکان دادەنرا بەڵام ئەو ڕێز لێگرتنەی شەهیدان وا لە ڕۆژئاڤا چاوم پێیکەوت بەسەر خەڵکەکەدا نەسەپێنرا بوو بەڵکوو ڕاستەقینەیەکی زیندوو بوو و لە دامەزراندنی پرۆژەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕانە جیا نەدەکرایەوە." ئەشرافی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئامانجی خۆی لە وێنەکێشانی ژنان لە کۆبانێ دەردەبڕێت و دەڵێ "من نەمدەویست وێنەی سانتیمانتاڵی جێ پەسندی ئوروپاییەکان لە ژنی کورد پیشان بدەم واتە کچێکی گەنجی قژکاڵی چاوسەوز بە تفەنگ و جل و بەرگی کوردییەوە بکەمە نموونەی ژنی کورد، بە پێچەوانەوە لە ڕوانگەی خۆمەوە کە ژنێکم و لە هەمان ناوچە[ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین] لەدایکبووم و ئێستاش هەر لە هەمان ئەو جیهانەدا دەژیم کە ئەو ژنانەی وا وێنەیانم گرتووە تێیدا دەژین، ویستم کۆمەڵگایەک پیشان بدەم کە خەریکی ئاڵوگۆڕە."

ئەشرافی دوو ساڵ دوای کارەساتەکەی شنگال و کۆمەڵکوژیی پیاوان و بەدیل گیرانی کچان و ژنانی ئێزدی چۆتەوە ناوچەکە و بیرەوەریی خۆی لە شەڕڤانانی پ. ک. دەگێڕێتەوە کە دەڵێ تاقە هێزێک بوون پارێزگارییان لە ئێزدییەکان کرد و هەوڵیاندا هەمان ئەو سیستەمەی وا لە ڕۆژئاڤا دایانمەزراندبوو لەوێش بەڕێوەبەرن بەڵام کۆمەڵگای کۆنسرڤاتیو و پیاوسالاری ئێزدییەکان لایەنگرییەکی کەمتری لە بەرنامەکانی ئەوان دەکرد؛ هەربۆیەش ئەوان دەبوایە بەتایبەت لە پەیوەندیی پرۆژەکانیان بۆ

ژناندا کارێکی پڕ زەحمەت بکەن، بەڵام دەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا، "لاموایە تۆوی کارەکە بۆ داهاتوو چێنراوە."

وێنەکان، کە ناوەرۆکی سەرەکیی کتێبەکە پێکدێنن، هەژێنەر و شوێندانەرن. بابەتی سەرەکییان ژیان و خەبات و خۆبەختکردنە لە وێرانەکانی شەڕێکی نابەرانبەر، شەڕی ئیرادە و هیوا و باوەڕ لەبەرانبەر گوللە و ئیرتیجاع و ڕەگەزپەرستی. قارەمانی سەرەکی لە وێنەکانیشدا وەک شەڕەکە خۆی، کچان و ژنانی کوردن کە تەنیا لە خۆشی و خۆشگوزەرانی و ژیانی ئاسوودە و ئاساییدا کورتی دەهێنن نەک لە ئازایەتی و کار و خەباتدی بێوچاندا!

کتێبی ئەو کچە ئاشتیخوازە بێگومان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە دژی شەڕ و دەستە و تاقم و دەوڵەتی شەڕئەنگێز، دژی ئەوانەی هەموو ئەو جیهانە بەرینەی ئێمە لە خۆیاندا تەفسیر دەکەنەوە و جگە لە خۆیان و باوەڕەکەیان شوێنی ژیان بە هیچکەس و هیچ لایەنێک ڕەوا نابینن. واهەیە لە داهاتوویەکی ڕوونی مرۆڤایەتیدا کە یەکسانی بەسەر هەڵاواردن، ماف بەسەر چەوسانەوە و عەقڵ بەسەر نەقڵ دا زاڵ دەبێت، کاری مەریەم ئەشرافی وەک بەڵگەیەک بۆ تاریک فیکری و دەمارگیری و تاوان و جینایەتی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک لەلایەن تاقمێکی ملهوڕی بێ مێشک وەک داعش، کەڵکی لێوەربگیرێت.
کەمایەسییەکی وێنەکانی ناو کتێبەکە، لە ڕوانگەی منەوە ئەوەیە بینەر ئەنجامی تاوانەکان وەک وێرانی و هەژاری و نەداری و مردن و برینداری دەبینێت؛ لەولاشەوە خەبات و هێزی بەربەرەکانی و ئامادەیی جەنگیی خەباتکاران بەخەڵکی ئاسایی و گریلا و پێشمەرگەی ژن و پیاوەوە، بە تایبەت ژنان، لە هەموو لاپەرەکانیدا بەرچاودەکەون بەڵام ئەوەی دیار نییە و نابینرێت دوژمنەکەیە. ئەو دوژمنە ناپەیدایە کێیە؟ داعشە ڕیشدرێژەکانن؟ دارەدەستەکانی حکوومەتی ئەردۆغانن؟ سەربازانی بەشار ئەسەدن؟ کێن ئەو تاوانبارانە؟ باوەکوو ئێمەی نەوەی ئەمڕۆ بەباشی ئەو تاوانبارانە دەناسین، بەڵام ئەوان لە وێنەکاندا دیار ناکەون. ڕاستە خانمە هونەرمەندەکە

به ڕاشکاوی گوتوویەتی تەنیا "ئاسەوار وئەنجامەکانی شەڕ"ی تۆمار کردووە نەک شەڕ خۆی و ئەوە ڕێبازی هەڵبژاردەی خۆیەتی، بەڵام من بیر لەو خوێنەرانە دەکەمەوە کە سەد ساڵێک دوای ئەمڕۆ چاویان بە کتێبەکە دەکەوێت؛ بڵێی ئەوان پرسیاری کێیەتی و چۆنیەتی دوژمنی ئەو خەڵکانە نەخەنە بەردەم مەریەم خانم؟ وەڵامی دەستبەجێشم بۆ پرسیارەکەی خۆم ئەوەیە بەو خێراییەی وا "ژیریی دەستکرد" (AI) لە ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆدا دەچێتە پێشەوە، واهەیە چەند نەوەی دوای ئێمە لەوانە تێگەیشتووتر و زاناتر بن کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆ بێت! هیوای هەموو لایەکیش ئەوەیە تا ئەو سەردەمانە دیاردەی شەڕ و داگیرکاری و مرۆڤکوژی و خوێنرشتن و نابەرانبەری لەژیانی مرۆڤایەتیدا نەمێنن و بەوە، ئاواتی دواڕۆژی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی جیهان و یەک لەوان هونەرمەندەکەی دۆستی کوردیش وەدی بێت. دەستی خۆش بێت!

[هەردوو وێنەی سەرەوە لە کتێبەکە وەرگیراون.]

ئەوەش ئەدرەسی ئیمەیل بۆ کەسانێک کە بیانەوێ کتێبەکە بکڕن:
-https://hemeria.com/en/product/rising-among-ruins-dancing-amid-bullets/Maryam-ashrafi

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠٢٣/٠٩/١٧
ساڵوەگەڕی مەرگی ژینا ئەمینی
ژن، ژیان، ئازادی!